ئاوات شێخ جەناب: گەیشتینە ڕێکەوتن بە خەرجکردنی تەواوی موچەی ساڵی 2025 بڕێ گرفت

ئاوات شێخ جەناب، وەزیری دارایی حکومەتی هەرێم لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە بەغدا ڕایگەیاند، لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق گەیشتینە ڕێکەوتن بە خەرجکردنی تەواوی موچەی ساڵی 2025 بڕێ گرفت و لەم ڕۆژانەش دابەشکردنی موچە دەستپێدەکات.

ئاوات شێخ جەناب لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، ڕێککەوتن لەگەڵ وەزارەتی دارایی عێراق کرا و بە ساڵی 2025 بڕێ کشە موچەی موچەخۆران خەرجدەکرێت.

وتیشی، "یەکەم کاری کابینەی نێیم ئەو بو، هاتە بەغدا بە چارەسەری کێشکان و ئەستاش سورین لەسەر چارەسەری کێشکان".

ئەوەشیخستەڕو، لەم دو ڕۆژدا ئامادەکاری بە دابەشکردنی موچەی مانگی (کانونی دووەم/1)ی 2025 دەستپێدەکات.

ئەوەشی ڕونکردەوە، سیاسەتی حکومەتی هەرێم و بەرنامەی حکومەت ئەوەیە کێشکان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکرێن، پرسی ستراتیژی کێشکانی هەرێم لە بەغدایە، پێویستە لەگەڵ بەغدا ئەو کێشانە چارە بکرێن، بە خۆشحاڵییەوە ئەمە ئەم سیاسەتە گەیشتە ئەنجام بە هەوڵ و تەکۆشانی حکومەتی هەرێم و

سەرکی ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵی، وەزیری دارایی فیدراڵی و ئەندامانی پەرلەمانی عێراق، توانیمان بەو ئەنجام بگەین کە بە ساڵی 2025 کەشی موچەخۆران کەتاییهات".

ئەوەشی رونکردەوە، "ئومێد دەکەین ئەم دوا هەواڵ بێت لەبارەی موچە و جارێکی دیکە موچە نەبێت بە هەواڵ و چاوەڕوانی".